Institute for Research and Development-Kurdistan (IRDK)

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان

نۆڤێمبەر

2012

راپۆرتی سیاسی

# هەڵبژاردنەوەی ئۆباما بۆ سەرۆك کۆماری ئەمەریکا

تەنزیم کردنەوەی رەوتی ولاتانی بەهاریی عەرەبی لە سەر رێبازێک کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا بێتەوە. وەک لیبیا و میسر. گفتگۆ و هاوکاریی و سەرمایەدانان و هەوڵ بۆ شکڵ پێدانی سیاسەتێکی هاوچەرخی بابی مەیلی ئەمەریکا لەم وڵاتانەدا دەبێتە سیاسەتی ئەمەریکا لە پەیوەندی لەگەل ولاتانی عەرەبیدا.

info@irdk.org

+964 66 257 6001

Italian Village, Villa No. 8
Erbil Iraq

www.irdk.org

POLITICAL

## 1 . سیاسەتی ئەمەریکا له ئاستی جیهانیدا

تەنزیم کردنەوەی رەوتی ولاتانی بەهاریی عەرەبی لە سەر ڕێبازێک کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا بێتەوە. وەک لیبیا و میسر. گفتگۆ و هاوکاریی و سەرمایەدانان و هەوڵ بۆ شکڵ پێدانی سیاسەتێکی هاوچەرخی بابی مەیلی ئەمەریکا لەم وڵاتانەدا دەبێتە سیاسەتی ئەمەریکا لە پەیوەندی لەگەل ولاتانی عەرەبیدا، بۆ نمونە دێنیز راس بەم شێوەیە باسی ناکوکییەکانی نێوان ویستەکانی ئەمەریکا و سیاسەتی ئیخوانەکان دەکات: ئەو خاڵانەی کە بە لای ئێمەوە پرینسیپن و لە روانگەی ئیخوانەکانیشەوە شتی عەمەلین پێویستیان بە بەدواداچوونی جیددی هەیە، بۆ نموونە سەربەخۆیی دادوەریی، کە ئیخوان هەوڵ دەدات بیخاتە ژێر رەکیفی خۆیەوە، هەر چەند تا ئێستا نەیتوانیوە بەڵام هەوڵی بۆ دەدات. سیاسەتی نا دروستیان لە بەرانبەر ئیسرائیلدا، یان ئەو راستییە کە دەبێ بتوانن ئابووریی ئیدارە بکەن، مافی کەمایەتییەکان بپارێزن و ڕێزی پەیمانە نێو دەوڵەتییەکان بگرێن.

خالێکی تر کە بەشداریی بەردەوامی ئەمەریکا لە وڵاتانی بەهاری عەرەبیدا پێویست دەکات، بریتییە لەوەی کە وڵاتانی بەهاری عەرەبی وەک وڵاتانی ئەورووپای شەرقی لە کاتی رووخانی سۆڤیەتدا نەخشەرێگەی رونیان لە بەردەستدا نییە.

(روس سانتینی) لە ئەنیستیتۆی بڕۆکینگس لەبارەی دەوری ئۆباما و پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەڵێت:

**'بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ رۆژهەلاتی ناوەراستدا پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا پاسیو بووە و بە ساردیی ماوەتەوە، پرسی راگرتنی بناسازیی نوێ ئیسرائیل لە سەر خاکی فەلەستین و قبووڵ نەکردنی خەتی سوری دارێژراو لە لایەن ئیسرائیلەوە سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بووەتە هۆی ساردیی پەیوەندییەکان و چارەسەری ئەم ساردیە راگیراوە بۆ دەورەی دووەمی سەرۆک کۆماریی، سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی بەهاریی عەرەبیشدا ئەوا نێوان ئەمەریکا و ئەو ولاتانە باشە، ئەمەریکا تەنانەت لەگەڵ ئیخوانەکانیش رێککەوتووە و پەیوەندی باشی لەگەڵ دروست کردوون. بەڵام پشتیوانی و نزیکایەتی ئەمەریکا بە تایبەتی لە رووی ئابوورییەوە زۆر لاواز بووە، هەر چەندە پەیوەندییەکان بە باش وەسف دەکرێن'**

Brookings, Aspenia on line,  Ruth Hanau Santini ,  7/11/2012

گرفتەکانی پرسیارەکانی بەردەم ئۆباما: قەیرانی مالی دنیا، پرسە نێوخۆییەکان و

دابەشبوونی بەرچاوی نێو خۆیی، ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی، سوریا کە خەریکە تەشەنەدەکاتە لوبنان، عێراق و بەحرین، فەلەستین و راگەیاندنی دەوڵەت لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا، سەرۆکایەتی تازەی چین کە زیاتر حەزدەکات سەرقاڵی پرسە نێوخۆییەکان بێت، قەیرانی یۆرۆ ئابوریی جیهانی خستوتە مەترسییەوە و روسیاش چاوەروانە پەیمانی تازەی کۆنترۆلی چەکی ستراتێژیک واژوو بکرێت.'

(کۆفمەن) لە ناوەندی ساباندا دەنووسێ:

ناوەندی قورسایی سیاسەتی دەرەوە لە رۆژهەلاتی ناوەراستەوە بۆ ئاسیا گواستراوەتەوە. هەروەها بوونی زۆرینە جمهویخواز لە کۆنگرێس و زۆرینەی دیموکراتەکان لە سنادا ئاسۆی دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لێڵ تر دەکات. ( هەمان سەرچاوە)

پرسی هەرە بەرچاو بۆ هەردوو کاندیدەکان و بۆ جەماوەری ئەمەریکی لە هەلبژاردنەکاندا پرسی ئابووریی و نێو خۆیی بووە تاکوو سیاسەتی دەرەوە، بەڵام لەبەر بوونی ئەمەریکا وەک هێزێکی جیهانی سیاسەتی دەرەوە هەر لە ئەجێندای سەرۆک کۆمارەکاندا جێ خۆی دەکاتەوە.

Tamara Cofman Wittes, Director; Saban Center for Middle

وایپێدەچێ کە سەرۆکایەتی تازەی چین زیاتر سەرقاڵی پرسە نێوخۆییەکانی چین بێت تاکوو سیاسەتی دەرەوە.

کارتی ئەسەد لە سووریا رۆژ لە دوای رۆژ وەک کارتێکی دۆراو دێتە بەرچاو کە بایەخی سەرمایە لە سەردانانی نەبێ.

هەروەها قەیرانی ئابوریی ناوچەی یۆرۆ وا دەخوازێت کە پەیوەندی ئابوریی لەگەڵ روسیا و چین باش بێت و پرسی ئابوری یەک لە ئەولەوییەتەکانی ئۆبامایە، هەر بۆیە سازانێکی مامناوەند لە سەر پرسی سوریادا چاوەروان کراوە کە لەوێدا ئەسەد جێ نابێتەوە.

Tamara Cofman Wittes, Director; Saban Center for Middle

(ئینگمار ئۆلدبرگ) لە ئەنستیتوی سیاسەتی دەرەوەی سوئێد لە 2012/11/14دا دەنووسێ کە روسیای پوتین حەز لە سیاسەتی پاشەکشەی ئۆباما دەکات، کە بەو مانایەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ روسیا دوای دروستبوونی کێشە لەگەڵ جۆرج بووش نۆرمال بکاتەوە. کاتێک پلانەکانی جۆرج بووشی بۆ بلاوکردنەوەی ناتۆ لە وڵاتانی ئۆکرانیا و جۆرجیای راگرت.

پەیماننامەی ئستارت-3 لە ئەپریلی 2010 کە بە واتای کەمکردنەوەی چەکی ناوەکی ستراتێژیک لە هەر دوولادا دێ جارێکی تر ددان پێدانان بوو بۆ پێگەی تایبەتی روسیا.

هاوکاریی ئەمەریکا و رووسیا لە دژی تێرۆریزم هەر بەردەوام بووە و باشترین دەلیل بۆ ئەوەش دابینکردنی رێگای ترانزێتی بۆ ناتۆ بە ناو روسیادا تابتوانێ بگاتە ئەفغانستان.

لە بەهاری رابردوودا رێگە درا بۆ دامەزراندنی پایگایەکی هەوایی تاکۆتایی شەر لە سالی

2014 دا. ئەمەریکا پشتیوانی لە ئەندامەتی روسیا کرد لە رێکخراوی تیجارەتی جیهانیدا و کۆمیسیۆنێکی سەرۆکایەتی هاوبەش بە 21 گرووپی کارەوە دامەزراوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی و هاوکارییەکان.

خالی خەراپ ئەوە بوو کە ئۆباما وەک بووش بەردەوام بوو لە جێ بە جێ کردنی پلانی دامەزراندنی دیفاعی موشەکی لە ناتۆدا دا و لە ئەورووپادا کە بەرانبەریی بکات لەگەل تەحدیداتی داهاتوو لە لایەن ئێرانەوە کە دەتوانێ بە واتای بوونی پێگەی نیزامی ئەمەریکا لە ولاتانی جیران وەک پۆلۆنیا و رۆمانیا و ئاوەکانی نێزیکیان بێ. هەروەها روسیا دژایەتی خۆی دەربریوە لەگەل سیاسەتی گەمارۆی ئەمەریکا لە دژی ئێران بە هۆی بەرنامەی ناوەکی ئێرانەوە. و روسیاش تیجارەتی خۆی لەگەل ئەم ولاتە بەردەوام کردووە.

روسیا حەز لە پشتیوانی ئۆباما لە شۆرشەکانی باکووری ئافریقا ناکات بۆ نموونە لە رووخاندنی قەزافی (سەرەرای ئەوە کە روسیا لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا وەک بێ لایەن دەنگی دایەوە و ئێستاش وێتۆ بە کار دێنی لە بەرانبەر گەمارۆکان لە دژی رێژیمی ئەسەد کە دۆستێکی دیرینە و ئێستا ناتۆ و نامریکا دەتوانن بخەنە ژێر رەکیفی خۆیانەوە.

## 2. ئێران

دێنیز راس، پێ وایە سالی 2013 بۆ پرسی ئێران دەبێتە سالی چارەنووس ساز و پرسی ئێران لە ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەراستدا دەبێتە پرسی یەکەم. راس پێ وایە کە سیاسەتی ئەمەریکا بریتی نییە لە مەحدوود کردن و ژێر کۆنترۆل هێنانی پرسی ئەتۆمی ئێران بەشکەم بەتەواوی راگرتن و واز هێنانی ئێرانە لەو بەرنامەیە. هەر بۆیە لە سالی 2013 دا سیاسەتی جیددی بەرێوە دەچێ لە ئاستی دیپلۆماتیکدا تاکوو بتوانین ئەم مەبەستە دابین بکەین ، دەنا پرسی بەکار هێنانی چەک بۆ چارەسەری ئەم پرسە دێتە ناو بەرنامەی کارمانەوە.

جێمز جێفری؛ پرسی ئێران بە پرسی هەرەگەورەی سیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراست دادەنێ و پێوایە گرفت هەر پرسی ئەتۆمی ئێران نییە بەشکەم کێشەی سەرەکی لە گەل دەوری ئێرانە لە ناوچەدا بە شێوەیەکی ستراتێژیک و درێژخایەن. ئەمەریکا بە گۆێرەی جێفریی ئەمەریکا لە گەل بوونی ئەم ئێرانە بەم شێوەیە کێشەی هەیە نەک هەر تەنیا لەگەل بەرنامەی ئەتۆمییەکەی. بۆیە پێشنیار دەکات کە بە هێز کردنی ئابووریی نێو خۆی ولات ببێتە بناغەی سیاسەتی ئەمەریکا بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست و ئێران.

بەلام جێمزجێفری لە وتاریی خۆی دا دەلێت کە ئێمە رۆژهەلاتی ناوەراست بە جێ ناهێلین و ئێران پرسی هەرە گەورەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا یە.

Suzanne Maloney, Senior Fellow, Foreign Policy, Saban Center for Middle East Policy

دەنووسێ؛ ' کە گەمارۆی ئابووریی، هەناردەی نەوتی نیوە کردووە، دراویی ئێرانی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە و دانیشتوانی ولات لە ژێر زەختێکی زۆریی ئابووریدان. بەلام گەمارۆ باوەر بە یەکتریی بە هێز ناکات، هەروەها دوو دەستەیی نێو خۆی ئێران وت و وێژ ئاسان ناکات، باوەری گشتیی نێو خۆی ئەمەریکا ش بۆ دانانی بەرنامەیەکی توونd و تیژ لە سەر ئێران ئامادە نییە.بۆیە چارە دەبێتە بەرنامەیەکی درێژخایەنی ئیدارەی قەیرانی ئێران ئەوەش لەگەل وتە گەورەکانی ئۆباما و دەوریی دووهەم بوونی سەرۆکایەتییەکەی و هەروەها لە بەرچاو گرتنی توانای ئێران لە خۆ گۆرین و داهێنان لە نێو خۆیدا.'

## 2. سوریا

ئەو قەیرانانە کە لەم دواییانەدا سەریان هەڵداوە وەک سووریا، مەترسی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە ببێتە ولاتێکی ناسەقامگیری پڕ کێشە و کارتێکەریی هەبێ لە تێکدانی باریی ئاسایشی ولاتانی وەک عێراق و لۆبنان و تەنانەت تورکیاش، بۆیە جێمز جێفری سەفیەری پێشووی ئەمەریکا لە عێراق و تورکیادا لە کاتی پێشکەش کردنی وتارێک لە ئەنیستیتوی واشینگتۆن دا دەلێت " نابێ بهێلین سوریا ببێتە ولاتێکی ناسەقامگیر و ناسەرکەوتوو ( failed stat) و هەروەها باریی نالەباریی سوریا دەتوانێ مەترسی بخاتە سەر پێکهاتەکانی عێراقیش و ببێتە هۆی جیا بوونەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقیش". هەروەها دێنیز راس لە هەمان سمیناردا پێشنیار دەکات کە لە پەیوەندی لەگەل سوریادا دەبێ کاریی عاجێل بکرێ.

## 3. تورکیا

دەرهێنانی کارتی پ ک ک لە دەست ئێران دەبێتە هۆی لاواز بوونی ئێران کە لەگەل سیاسەتی ئەمەریکا دێتەوە و بە هێز کردنی رەوتێکی دێمۆکراتیکتر لە ناو تورکیادا و هەروەها پێکهێنانی هاودەنگی زیاتر لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی سوریادا و مسوگەرکردنی سەرکەوتنێکی بابی مەیلی ئەمەریکا لە سوریادا.

**بۆیە هەولی کوردی باشوور بۆ چارەسەریی پرسی پکاکا و کورد لە تورکیادا سیاسەتێکی دروست وبە جێیە.**

## 4. عێراق

یارمەتی کورد بۆ مسوگەرکردنی وجوودی درێژخایەنی ئەمەریکا لە عێراقدا و رێگا نەدان بە نەیارانی ئەمەریکا وەک ئێران بۆ جێگیرکردنی سیاسەتی خۆیان لە عێراقدا سیاسەتێکی دروستە.

**بۆیە ئێستا بەرگری و پێشگرتن لە دامەزران و چەسپانی سولتەی تەواوی ئێران بە رێگای مالکییەوە سیاسەتێکی دروستە بە مەرجێک کە هاوکات بێ لە گەل هێشتنی دەرگایەکی ئاوالا بۆ سازان لەگەل شیعە بۆ پێکهێنانی سوباتی جێ مەبەستی ئەمەریکا .**

## 5. کورد

یارمەتیدانی ئەمەریکا بۆ چەسپاندنی هێژمۆنی ئەمەریکا و پێشگرتن لە هێژمۆنی ئێران

لـــه عێـــراق سیاســـەتێکی دروســـتە. ئەمـــەش نـــەبوونی کێشـــەی گـــەورەی ئەمنییـــە لـــە عێراقـــدا، بۆیە کورد نابێ ببێتە لایەنی کێشە و فەوزای ئەمنی لە عێراقدا.

**سەرچاوەکان**

www.brooking.edu
www.aspeninstitute.it
www.washingtoninstitute.org

**کورتەی بابەتەکە:**

1. لـــە دەوری دووەمـــی ســـەرۆک کۆماریـــدا سیاســـەتی ئۆبامـــا لـــە ســـەر بنـــەمای پراگماتیســـم و سەقامگیریی سیاسی وئابووری بەڕێوە دەچێ.

2. سیاسەتی ئۆباما لە سەر عێراق بریتی دەبێت لە:

- مسوگەرکردنی هێژمۆنی و نفوزی ئەمەریکا
- ڕێگرتن لە سەردەستەیی سیاسەتی ئێران لە عێراق
- دژایەتی هەر جۆرە هەوڵێک کە دەبێتە هۆکاری شەڕ و ناسەقامگیری لە عێراق

3. کـــورد دەبـــێ هـــەوڵ بـــدات پـــێش بەسەردەســـتبوونی سیاســـەتی ئێـــران لـــە عێراقـــدا کـــە لەلایـــەن مالیکییـــەوە بـــەڕێوە دەچێـــت، بگرێـــت. هەڵبـــەت نـــابێ هـــەموو دەرگاکـــانی هاوکـــاریی لـــە گـــەل لایـــەنی شـــیعە لـــە عێـــراق دا دابخـــرێن. کـــورد دەبـــێ تێبکۆشـــێ فاکتۆرێکی سەرەکی بێت بۆ سەقامگیریی جێی مەبەستی ئەمەریکا لە عێراقدا.

4. هـــەوڵی ســـەرۆکایەتی و حکوومـــەتی هـــەرێم بـــۆ چارەســـەریی پرســـی پکـــک و کـــورد لـــە تورکیـــادا سیاســـەتێکی دروســـت وبەجێیـــە و ئـــەم هەوڵانـــە دەبـــێ تـــا گەیشـــتن بـــە نەتیجـــە بەردەوام بن.

5. حکومەتی هەرێم دەبێ بەردەوام بێت لە پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسی و ئابووریەکانی خۆی لە گەڵ تورکیا.

6. مەرجی سەرەکیی سەرکەوتن لە دیپلۆماسیی کوردیدا بریتییە لە یەکییەتی ناوخۆیی لەسەر بنەمایەکی دامەزراوەیی و ئەنستیتوشنال. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە دەبێ پێشنیار و بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێم لە ڕێگای حکوومەتی هەرێمەوە بۆ تاوتوێکردن لە کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕەوانەی پارلمانی کوردستان بکرێن. بەم جۆرە کۆدەنگی و یەکڕیزیی پێویست بە شێوەیەکی دروست و یاسایی مسوگەر دەبێت.د دەبئت

7. کورد دەبێ بەردەوام بێت لە هاوکاریی کوردەکانی سوریا بۆ دابینکردنی یەکرێزیی و هاواهەنگیان لە گەڵ سیاسەتی ئەمەریکا و ئەورپا.